## ساتیره هه و ڵ

هـــه نـــدی لـــه‌و بابـــه‌تانـــه‌ی کـــه لـــه بلاوکـــراوه‌ی کاریکـــاتیری ١٥دا هـــاتوون www.geocities.com/karikater

### وه‌فده‌کان زوو زوو ده‌گه‌نه کوردستان

لەم ڕۆژانەدا وەفدێک لە کۆماری چینەوە بە هەناسەبڕکێ خۆی کرد بە نێو شاری سلێمانیدا، کە پێکهاتبوو لە سێ ڕەفیق حیزبی، حیزبی حاکم بە ناوی پوولین و چین چین. ئەوەی شایانی باسە، سەرەتا وەفدەکە چارەکە سەعاتێک بۆ هەڵەبجە گریان و لەسەر دەستووری خۆیان شینیانکرد، پاشان بە شێوەیەکی ڕەسمی لە لایەن بەرپرسانی حکومەتی دیموکراتی فیدڕاڵی سلێمانییەوە ژێرکرانەوە!

بە پێی زانیارییەکان ئەم وەفدە ئەوەندە سلێمانییان چووە بەدڵدا کە پێدەچێت نەڕۆنەوە بۆ چین، لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستە جوامێرانەیاندا سەرۆکی شارەوانی تەڵاقی خوارد کە هەموو شتێکیان بۆ بکات و ئامادەیە کە سەر و دوکانێکان لە بازاڕی دۆلارەکە بۆ بکڕێت بە قازانج بە شەریکی.

وەفدەکە پێشنیاریکرد کە سلێمانی بکەنە دەستە خوشکی شارێکی چین؛ بەڵام لەولاوە عەربەت کە ئەویش سەربە سلێمانییە دەنگی ناڕەزاییەتی هەڵبڕی کە ئەو شتی وەها قبووڵ ناکات چونکە ئەو خۆی بە پیاو ئەزانێ و وشەی دەستە خوشکی لاناخۆشە!

لەو لاشەوە، یەکێک لە مەسوولەکان هەڵوێستی ئۆپوزسیونی خۆی لە بەرامبەر ئەم سەردانەی پوڵین و چین چین لای حیمایەکەی نیشاندا؛ چونکە ئەو وا چاوەڕوانی دەکرد کە لە نێو وەفدەکەدا ماچینی قەد بارێکی تێدا بێت،بەڵام وەها دەرنەچوو، ئەم مەسوولە لە پێشی مانگێکشەوە چووبووە دەورەی زمانی چینی و چەندین وشەی وەک خۆشم دەوێیت فێر ببوو، بەڵام هەمووی بە هەدەر ڕۆشت!

سەرچاوە خەبەرییەکان روونیشیان کردەوە: وەفدەکە حەیرانی داب و نەریتی کۆنی کوردی بوون و هەر لەیەکەم ڕۆژی سەردانەکەیانەوە وازیان لە نان ناخواردن بە چیلکە هێناوە و لە بری وەک دەستەڵاتدارە مەحەلییەکان بەدەست ناندەخۆن و شێتی یاپراخ، قەرەخەرمان و ساوەر بوون هەربۆیە ئێستا سکیان نەک با بەڵکوو ڕەشەبای کردووە!

### له بری قیتار میترۆ بۆ سلێمانی

خەڵکی سلێمانی لەسەردەمی خەڵووزی بەردینەوە بەڵێنی دراوەتێ کە هێڵی قیتاری بۆ ببری؛ بەڵام نە قیتار دیار بوو نە میتار!

بەڵام لەم ڕۆژانەدا وەفدێکی ئەڵمانی بەڵێنی دا کە میترۆی ژێرزەمینی درووست بکات! ئا ئەم هەنگاوە پێش خەڵکی شار مەسوولەکانی خەنی کرد و هەر لە ئێستاوە ئەرک و فەرمانەکانی ئەو میترۆیەیان وەک برا بەسەر خۆیان دابەشکردوە.

هاتنی ئەم میترۆیە کە ژیان لەسەر زەوییەوە دەباتە ژێر زەوی گرنگی فرەی هەیە؛ دوور نییە بەم زوانە حکومەتی حەرێم دەست بکات بە دابەشکردنی زەوی لە قووڵایی ١٠٠ مەترێک لە ژێر عەرزەوە واتا لە ئاستی خەتی میترۆکەوە. بەڵام ئەو زەوییانەی کە دەکەونە سەر هیلەکە و لە وێستگەکان نزیکن یاخود روکنن ئەوا بۆ خۆیانە چوونکە هەقیانەو میللەت دەنگی پێداون؛ ئەوانەی کە دەکەونە دووری ١٠ کیلۆمەتر لە پشت هێڵی میترۆکەوە بە شێوەیەکی یەکسان و عادیل ئەیدەنە مامۆستا و فەرمانبەران؛ بەڵام هەڵکەندن لەسەر خۆیانە! هەروەها دەبێت مەرجەکانی یاسایی شموولیان بکات و تەسکییە لە مەڵبەند بێنن و فۆرمی بایەعییەکەشی پێوە بلچکێنێن تا بزانرێت کە لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان داوە یان نا، گەر کەسی ناوبراو دەنگی نەدابێ؛ ئەوا خوێنی خۆی لەسەر خۆی و هەر بۆ خۆی با سیر بخوا و زووڕڕنای بەدەمەوە بە بێ نۆتە بۆ لێبدات !

## گەشتێکی مێژوویی وەزیری نەوت و وەزیری کارەبا!

پاش ئەو هەموو سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکانەی کە وەزارەتی نەفت و کارەبای کۆماری عێراقی دیموکراتی فیدرڕاڵی یەک گرِ توو بەدەستی هێنا؛ هەر دوو وەزیر بە شانازییەکی گەورەوە سەردانی شارەکانی عێراق دەکەن. یەکەم شاریش لە پێشی هەموو شارەکانەوە کە ئەو شەرەفە مەزنەی پێ برڕا شاری هەڵەبجە بوو!

جا هەردوو وەزیری خۆشەویست، بە نیازن گەورەترین خزمەت بەم شارە بکەن کە پێشتر کەس بە خەویش نەیبینیبێ، وەزیری نەوت بەتەمایە لە پارەی نەوت لە بەرامبە خۆراکدا رەحەتی نەوت بەسەر ماڵاندا دابەش بکات و لە پاشانیش بیر لە دابەشکردنی دەبەی بەتاڵ دەکاتەوە. هەروەها وەزیری کارەباش قۆڵی مەردانەی لێهەڵماڵیوە و لۆرییەک تۆری چرا لۆکس و بۆری چرای پێش خۆی داوە و بە نیازە بەسەر دانیشتوانی ئەم شارە بە شەرەفە دابەشی بکات، ئەوەی شایانی باسە پێشتریش وەزیری خوێندنی باڵا سەردانی ئەم شارەی کرد و سەر و قەڵەم دیان و لاسیکێکی خەت کوژانەوەی بەخشیە خوێندکاران.

سەردار عە بدولا
sardar@telia.com